
## پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەی کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانیکورد خولیای کوردستان

هەزاران تەزویری  مەلا عەبدولڵا حەسەن زادە بۆ لابردنی تۆمەت لەسەر بڕیاردەران، هاوکاران و بەڕێوەبەرانی تێرۆری د.قاسملوو...

مافناس  –  حەسەن  ئەیوبزادە

# بەشی ۱۱




پشـتبەرگی دەقـی تـەزویرکراوی  کتێبـی "خولیـاو مـەرگی ڕەحمـانی کـورد" لەبـەرچاوە. بروانـە هێڵـی یـازدە  کـە مـەلا عەبدولڵا لـە بیری چووە نـاوی ڕاسـتەقینەی کتێبی" خولیـاو مـەرگی ڕەحمـانی کـورد خولیـای کوردسـتان" لـە پشـتی بەرگەکـەدا  تـەزویربکا و بیکاتـە "خولیـا و مـەرگی قاسـملووی کورد و دوو گوڵوشەی خولیای کوردستان"ی لێ قرتاندووە.

حەسـەنزادە لـە ئاخرنووسـراوەکەی نووسـەری کتێبەکـە دا نـاوی یلمازگونـەی و فاتوشـی هـاوژینی  وەکـو نـاوی نووسـەران، سیاسـەتڤانان، ڕۆژنامەنووسـان، پزیشـکەکانی سـەربە سـازمانە خێرخوازەکـانی جیهـان کـە لـە پێـنج لاپـەڕە سانسـۆرکراوەکەی سـەرەتای کتێبەکـەیکارۆڵ و پێداچوونەوەکەیدا سانسۆری کردبوو توناکردووە.

حەسـەنزادە لـەدێری یەکـەمی پشـتبەرگی تەزویرنامەکـەدا سـالی لـە دایکبـوونی کـارۆل پـرۆن هـۆبێری١٩٥٦ نووسـیوە. مـەعلوم نیـیە ئـەو زانیارییـەی لـە کـوێ هێنـاوە. چونکـە لـە دەقە ئینگلیزییەکەدا نەنووسراوە.[1]

نـاو و ناسـناوەکەی مـەلا عەبدولڵا کـە لـە پشت بەرگەکـەدا کـە بـە پیتـی لاتـین نووسـراوە هەڵەیـە. Abdulla Hassan – zaddeh  حەسـەنزادە سـەرجەم دوو وشـەن . ئـەو بەردەکێڵـە کە لەنێوان حەسەن و زادە دانراوە بە هەڵە زیادکراوە.

کەسـێک نـەزانێ ناوەکـەی بـە پیتـەکانی زمانێـک بنووسـێ کـە خـۆی بـە ئێـدیتۆری ئـەو زمانـە پێناسـە کـردووە چ پاسـاوێکی بـۆ ئـەو کـارە  و پێداچوونـەوە بـە وەرگێـڕدراوی ئـەو کتێبـەوە هەیـە قەست و ئیـرادەی مـەلا عەبدولڵا بـۆ ئـەو هـەزاران تـەزویرەی کـە  لـەو "ئێـدیتۆریی و پێداچوونـەوەیـەدا " کردوونـی، کۆمـەڵێک هانـدەری تایبـەتیی، گشـتیی ، نەفسـیی و مـاڵیی ...لـە پشت بـووە. هانـدەر لـە فارسـیی دا بـە "انگیـزە" و لـە ئینگلیزییەکـەی دا بـە motive  یا motivation ماناکراوەتەوە.

خوێندنـەوەی دەردەدڵـی ئەنـدامێکی حـدکا بـە نـاوی نهێنیـی "یادگـار" لەگـەڵ مـەلا عەبدولڵا حەسـەنزادە کـە لـەناو قژلەکـەی هەرمۆتـە و ژێردەسـەڵاتی زانیـاریی ینـک و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران دا ژیـاوە سەرنجراکێشـە.ئێمە لـە خـوارەوە وێنـەی دەقـی نووسـراوەکەی لـە دو لاپـەڕەدا  کـە لـە مـانگی ١٠سـاڵی ٢٠٠٦ لـە سـایتی کوردسـتان نێـت ئـۆرگ دا بـڵاو کرابـۆوە لەپێوەنـدیی بـە هەڵوێسـتی  مـەلا عەبدولڵا دژ بـە د.قاسـملوو و د.شـەرەفکەندیی وتێرۆرکراوانـی حـدکا  هـەروەها پێوەنـدیی نـاوبراو بـە  ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران، بـە تایبـەتیی


[1] _http://www.amazon.com/The-Passion-Death-Rahman-Kurd/dp/144017816X

بە صحرارودی، محسن رضائی، علی فلاحیان و زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی و تێرۆریستەکان، ئاشبەتال و توناکردنی حدکا لەپەناهەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا دەخەینە بەرچاوی خوێنەری کورد.

نووسراوەکەی "یادگار" لە کوردستاننێتدا بڵاو کراوەتەوە. کرتەیەک بۆ ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

حەسەنزادە بۆچی هەوڵیداوە بۆچوونی کەسایەتییە ناوادارەکانی جیهان لەسەر د.قاسملوو سانسۆڕ بکا، ئاشکرایە. فەلسەفەی ژین و ژیانی سیاسیی د. قاسملووو د.شەرەفکەندیی وەکو پێشەوا قازیی محمد بۆ وەچەکانی دادێی کورد چرای روناکیدەری رێگەی خەبات بۆ ئازادیی و رزگاریین.

ئەوەش بە مانای ریسوایی ئەبەدیی سەرانی کۆماری ئیسلامیی و هاوکارەکانیانە. ئاساییە کە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانو هاوکارەکانیان واقعییەتی ئەو جینایەتانە بە ریسواییو مەحکوم کردنی خۆیان بزانن و دژی نووسینی ئەو واقعییەتانە بن کە جیهانیان هەژاند. کارێک کە حەسەنزادە کردوویە پاکانە بۆ جینایەتکاران و چەواشەکردنی ئەو واقعییەتانەبوون.


[redacted]

www.kurdistannet.org

30-10-2006 7:56بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

دەردی دڵێک لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە ... یادگار

دنیایەکی سەیر و سەمەرەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆتە ئامرازی یاری منداڵانەی دەستی مامۆستا مەلا حەوولڵا! ئەم زاتە، بە درێژایی تەمەنی ژیانی خۆی، لەگەڵ گیروگرفتە سایکۆلۆژییەکانی خۆیدا، لە کێشە و بگرەدایە. مامۆستا ناحەقی نیە کە ئاوابێت، چوونکە شێوەی پەروەردە، بارهێنانان و ڕاهێنانی، مەحروومییەت، ئەو مەڵبەندەی کە لێ گەورە بووە، کولتووری بنەماڵەیی، هەموو ئەم فاکتەرانە و دەیان فاکتەری دیکە، شێوەنەواریان لەسەر هەڵدان و گەورەبوونی و شێوەی هەڵس و کەوتی داناوە، بۆیە لە ئاکامدا، وەک مامۆستایەکی بوغزن، حەسوود، قین لە دڵ، بەرچاوتەنگ، تۆڵە ئەستێن، پێداگرتن لەسەر میتۆدی بیری کۆن و نامۆ بە سەردەم، موغریز، لەچەر، بارهاتووە، ڕاهاتووە و گەورە بووە. ئەو کردەوە و دژ کردەوانەی کە ئێستا لە خۆی نیشانیانی دەدا، ئەو هۆکارانەن کە باسم لێوەکردن. کەوایە، کەسێک کە خاوەنی ئەم سیفەتانەبێت، زۆر ئاساییە کە کردە و کردەوەکانیشی، لەم بازنەیەدا، بخولێنەوە!

مامۆستا، ماوەیەک لەمەوپێش لە دیمانەیەکی لەپێش دا گەڵاڵە بۆ داڕێژراو و نا ئاسییدا لەگەڵ کەسێک بە ناوی خالید محەمەدزادە کە لە ماڵپەڕی (بۆ ڕۆژهەلات و ڕاستتیەکاندا ـ ئەم دوو ماڵپەڕە بۆ دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروست بوون)، ئاماژە بەوە دەکات، کە: "ئەگەر من نەبووامایە، خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە"

واتا مامۆستا خۆی بە پارێزەری خەتە فیکرییەکانی شەهیدی مەزن دوکتۆر قاسملوو دەزانێت.

بەڕاستی موبالغە و بە شان و باهووی خۆدا هەڵدانیش، سنوورێکی هەیە.

وادیارە، مامۆستا، یان زاکیرە و زەینی، زەعیف بوون، یان ئەوەتا کە قسەکەری ئەمڕۆ، ساحێبی قسە و کردەوەکانی دوێنیی خۆی نییە!! مامۆستا! لە بیرت چۆتەوە، بۆ ڕاگرتنی دڵی کۆنە هاوڕێیانی سەنگەر قەڵشێن، واتا لادەرەکان، پلینۆم و کۆبوونەوەی یەک بە دوای یەکت لەسەر لابردنی وێنەی ڕێبەرانی نەمر: (دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی) پێک دەهێنا؟ لە بیرت چۆتەوە، لە پلینۆمەکانی پێش کۆنگرەی 13، ئەو کات کە جەنابت باڵی زۆرایەتی حیزب بوویت، بڕیاری لابردنی وێنەی ئەو شەهیدە سەربەرزانەت دەدا و بۆ جێگیربوونی بڕیارەکەت، دەت فەرموو: (خۆ من بەم وێنانە. جامخانە ساز ناکەم) !! دوکتۆر قسملوو و دوکتۆر سەعدیت بە وێنەی جامخانەی کووچە و شەقامی شارەکان دەشوبهاند؟ لە بیرتە، لە و پلینۆم و کۆبوونەوانە، کە سەر نەدەکەوتیت و لە لایەن بەشدارانی پلینۆمەوە، بە " نا" وەڵامت دەدرایەوە، دواتر لە کۆبوونەوەکانی سەردەتر، واتا لە کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیدا، ئەو دەم لەوێش زۆرایەتی موتڵەق بوویت، لەو یوە کەلکت وەدەگرت بۆ چەسپاندنی ئەو بڕیارە نا موقەددەسەت؟ مامۆستا گیان لە بیرتە، هەر پاش ئاشکرا بوونی ئەم نیاز و مەبەستەت، چۆن بەدەنەی حیزب لە نێوخۆی حیزبەوە، لە کوردستان و ئورووپا و شێوەنەکانی دیکەی ئەم دنیا خرۆشان و لێت بە دەنگ هاتن؛

مامۆستای بەڕێز! لە بیرتە کۆنە هاوڕێیانی سەنگەر قەڵشێن و یەک لەوان (کاک حوسێنی مەدەنی) لە بنکەی پێشمەرگەکاندا دەیگوت: " ئەرێ بابە! ڕێژیمی بەعس ڕووخا و دیکتاتۆرێکی وەک سەددام لە نێو چوو، پێم ناڵێن ئێوە تاکەنگێ وێنەی ئەم دوو دیکتاتۆرە، واتا قسملو و شەرەفکەندی، لە بنکە و مەقەرەکانتان لا نابەن"؟!

مامۆستا گیان، جەنابت، پێش کۆنگرەی 13، مەگەر لە هەوڵی ئەوەدا نەبوویت، کە سیستەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەیت بە سیستەمی ڕێبەریی و خۆت وەک ڕێبەر دیاری بکەیت؟ تەواوی هەوڵ و فیکر و زیکرت بە بنەماڵەیی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبوو؟ مامۆستا! خۆت

1

بەڵگەکانی ئەو لێکۆلینەوەیە نیشان دەدەن کە عەبدوللا حەسەنزادە لە دوای جیابوونەوەی بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حدکا لە ١٣٦٦ و راگەیاندنی " رێبەرایەتیی شۆرشگێر "لە ١٣٦٧ و دوای ئاگادار بوونی ناوبراو لە تێکەڵاویی تەنزیمەکەی تالەبانیی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسدران و هێنانی صحراروی بۆ یاخسەمەرو دامەزراندنی دەفتەری سەرەکیی

**ئێران لەو ناوەندە (یاخسەمەر) لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا، ناوبراو لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، صحرارودی، محسن رضائی، علی فلاحیان وەزیری " اطلاعات جمهوری اسلامی ایران، زانیاریی ینک (دەستە خوشکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران) و تێرۆریستەکانی بەرێوەبەری تێرۆرەکان لە باشوری کوردستان هاوکاریی کردووە. بەڵگە نامەکان لە رەوتی لێکۆلینەوەدا بلاو کراونەوە.**


[redacted]

www.kurdistannet.org

30-10-2006 7:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

چاک دەزانیت کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران 27ساڵە، دژی سیستەمی وەلایەتی فەقی بابەت و وتار دەنووسێ و خەباتی لە دژ دەکات، بەڵام نیازی تۆ ئەوە بوو کە بۆ مادامولعومر، وەک ڕێبەر بمێنێیتەوە! واتا شێواندن و تێکدانی سیستەمی دیمۆکراتیکی حیزب و زیندە بەچاڵ کردنی دیمۆکراسی و فەوتاندن و کوشتنی کاری بە کۆمەڵ لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران!!

مامۆستا گیان! ئەگەر ئەم ئاکار و کردەوانەی جەنابت، لە ڕاستای کوێر کردنەوەی ڕێبازی قاسملوودا نەبوو، ئە چی بوو؟ ئاوا دەتەوێت " خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملووی شەهید، بپارێزیت؟ ئەگەر مەبەستت کوێر کردنەوەی ڕێبازی قاسملوو نەبوو، ئەی بۆ هێنانە خواری وێنەی ئەو شەهیدە مەزنەت، دەکرد بە سەر تیتری باس و خواسی پلینۆم و کۆبوونەوەکانی، سەردەمی دەستەڵاتدارێتیت؟ ئەگەر مەبەستت تەفروتونا کردنی خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو نەبوو، باس کردنی وێنەی شەهیدان، چ مەوزووعییەت و زەرووورەتێکی هەبوو؟ تۆ کاتی خۆی، قەیران و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانی نێو حیزبت لە کۆبوونەوەکاندا پاساو دەدا و دەتان فەرموو: " ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان نییە، هەرچیش لەملاو لەلا باسی دەکەن، فڕیان بەسەر ڕاستتەوە نییە"! مامۆستا، بەڕاستی وابوو؟

مامۆستا، ئەگەر نامەی بە ناو "ئۆپۆزیسیۆن" لە سەردەمی جەنابت دا، نووسرا با و ئاراستەت کرابا، تۆ چ هەڵوێستێکت دەبوو؟ مامۆستا، جەنابت شایانی ئەم کردەوانە نەبوویت، بەڵام بەدا خەوە، سەلماندت کە جەنابت، شتێکی ئەوتۆ لە ڕێبەری گەورە دوکتۆر قاسملوو، فێر نەبوویت. تکایە ئیدی بە کەڵک وەرگرتن لە هاوڕێیەتی 30 ساڵەی خۆت لەگەڵ ئەو شەهیدە مەزنە، کیسە بۆ کەس هەڵمەدروو و ناز و ئەخریشمان پێ مەفرۆشە. چوونکە مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات.

http://kurdistannet.org/arshif/biz/2006/10–2006/10–2006.htm

**دریژەی لێکۆلینەوە کە و تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا بۆ پاکانەکردن لە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی**

**تەزویری پشتبەرگی پێداچوونەوەی کتێبی خولیاوەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان**

**ئەو دەقەی خوارەوە لەپشتی بەرگی دەقی ئینگلیزیی کتێبەکەدا نووسراوە و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە پێداچوونەوەکەیدا سانسۆری کردووە. وێنەی دەقە سانسۆرکراوەکە و وەرگێڕدراوەکەی لە لاپەرەی ٤ دابیینە!**

It was in Paris, in 1983hat I first met Abdul Rahman Ghassemlou. We were introduced at the Kurdish Institute, where I was attending an art **exhibition with the filmmaker Yilmaz Güney and his wife, Fatosh. I had met Güney at the Cannes Film Festival in 1982. That year he had won the** Golden Palm Award, and the publicity that followed brought worldwide attention to the plight of the Kurdish nation.

As a Venezuelan journalist, my limited impression of the Kurds was that who lived amongst mountains somewhere in the Middle East. Yilmaz Güney taught me about the free-spirited Kurdish people, opening my eyes to the oppression they had endured for centuries. Their situation touched me deeply and I began to write articles on the Kurds for Venezuelan newspapers and magazines.

One year later in Paris, I found myself standing face-to-face with this sophisticated, charming, and charismatic Middle Eastern leader of millions of Kurds in Iran.
Ghassemlou's -from THE PASSION AND DEATH OF RAHMAN THE KURD lifelong wish was that of lasting peace for his people.
He was the visionary and cultivated leader of the Iranian Kurdish revolutionary movement, brutally assassinated in 1989 while negotiating a peace accord for his people with Iran's government emissaries in Vienna. His light still shines upon the volatile politics of this remote Middle East region that continues to play prominently upon the world's political stage.

" Carol Prunhuber, writer and journalist, with links to the Kurdish world since the early 1980s, knew Dr. Ghassemlou and spent time in the Kurdish mountains with his guerrillas. The Passion and Death of Rahman the Kurd is an impassioned and meticulously documented investigation that vividly evokes the enthralling life and final days of this incomparable Kurdish leader."

About the Author

Venezuelan writer CAROL PRUNHUBER was educated in Caracas and Paris, where she completed her doctorate in literature. She began her career as a freelance journalist in Paris, then as a foreign correspondent in Madrid. In 1985, she traveled to Kurdistan with a French TV crew to film the Kurdish conflict in Iran, where she became immersed in the plight of the Kurdish people. Th is book, twenty years in the making, is a distillation of her passionate concern. www.carolprunhuber.com




**وەرگێردراوی دەقەکە بە کوردیی**

یەکەمین دیدارم لە گەل عەبدوررەحمان قاسملوو لە سالی ١٩٨٣ لە پاریس بوو. ئێمە لە ئەنستیتۆ کورد لە پاریس پیک ناسێندراین. من لەو شوێنە لە نومایشگەیەکی هونەریی پێکهێنراوی فیلمچێکەر یلماز گونێێ و ژنەکەی بە ناوی فاتوش بەشدار بووم. من یلماز گونەیم لە فێستیوالّی فیلمی کەن لە سالّی ١٩٨٢ دیتبوو. ئەو سالّە یلماز گونەی خەلاّتی دارخومای ئالّتوونیی بردبۆوە. کاردانەوەی تەبلیغێک کە بۆ ئەو فیلمە کرا ئاشناکردنی خەلّکی جیهانی لەگەل ئازاری کورد بەدیاریی هێنا. هەستی سنورداری من بۆ کورد وەکو ژورنالیستێکی وێنێزۆئێلایی ئەوە بوو کە کورد گەلێکی گرژ و شەڕکەرن، لە شوێنێکی رۆژهەلاتی ناوەراست و لە نێوان چیا دوورەدەستەکان‌دا دەژین. یلماز گونێی روحی ئازادی خەلکی کوردی بە من ناساند و چاوی منی بە سەر ئەو سەرکوت و گوشارەدا کردەوە کە کورد بەدرێژایی سەدەکان چەشتوویانە. هەلومەرجی ژیانێکی کە ئەوان تێیدا دەژین بە توندی کاری تێکردم و لە رۆژنامەو گۆفارەکانی وێنێزۆئێلادا دەستم بە نووسینی گوتار لەسەر کورد کرد.

سالی دواتر لە فەرانسە, خۆم لە رووبەڕوی ئەو کەسایەتییە بەئەزموون، کارامە، خوێنشیرین وکاریزمایی رێبەری بە ملیۆن کوردی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دیّ. راگوێزراو لە **خولیاو مەرگی رەحمانی کورد.**


ئاواتی هەموو ژیانی قاسملوو ئەوە بوو کە گەلەکەی لە ئاشتییەکی بەردەوامدا بژی. ئەو کەسێکی داهێنەر، دوربین و بە ئیبتیکار، رێبەرێکی بەفەرهەنگی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی رۆژهەلاتی "کوردستان" ی ئێران" بوو کە وەحشیانە لە کاتی وتوێژ بۆ گەیشتن بە ئاشتیی لەگەل نوێنەرانی دەولەتی ئێرانلە ١٩٨٩/٧/١٧ لە ڤییەن تێرۆرکرا.تیشکی ئەو ئێستاش لە دوورەوە بەسەر سیاسەتە پڕئالّ وگۆڕەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بە سەر شانۆی سیاسیی جیهان‌دا دەدرەوشی.

حەسەن‌زادە ئەو وەرگێڕدراوە کوردیی‌یەش کە لە لاپەڕەی یەکی ئەم لێکۆلینەوەیەدا خستوویەتە روو تەزویر کردووە. دەقی وەرگێڕدراوە راستەقینەکە بەم جۆرەیە:

کارۆلّ پرۆن هوبێری نووسەر، خەلّکی ڤێنێزۆئێلا لە کاراکاس وپاریس خوێندوویە و دوکتورای خۆی لە ئەدەب دا لە فەرەنسە تەواو کردووە. لە پاریس وەکو رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ کاری کردووە، دوایە لە مادرید وەک هەوالّنێری دەرەکیی کاری کردووە.

له ۱۹۸۵لەگەل تەلەڤیزیۆنێکی فەرەنسیی فیلم چێکەر سەفەری کوردستانی کردووە تا لەو شوێنە بە قووڵایی دەردو رەنجی کورددا رۆچێ. چیکردنی ئەم کتێبە شیرەی ئەو پێوەندیی‌یە بە هەستەیە.

– بۆچوونی کەندال نەزان، کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، لەسەر کارۆل پرۆن هوبێر نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان نووسیویە:



Chapter V

Winter in Vienna

✦

Abdul Rahman Ghassemlou's murder was the culmination of a long hunt for the Kurdish leader by the Islamic Republic. After the strategy failed to kill him in the mountains, it was several years before the Iranians prepared another trap. This plan attempted to close in on Ghassemlou in Vienna through the first negotiations during the winter of 1988–89 and ended with his death in the summer of 1989. In this patient but deadly pursuit of Ghassemlou, Fadil Rasul was merely an instrument. This became clear afterward.

In the summer of 1986, Jalal Talabani passed by Ghassemlou's daftar in Iraqi Kurdistan. Talabani's PUK daftar was nearby. Being Iraqi, Talabani received aid from Tehran; being Iranian, Ghassemlou was supported by Baghdad. This is the law of opposites that has enlivened the life of the Kurds for many years and which Talabani summarizes as follows: "We Kurds have the right to benefit from the conflicts that exist between the states that divide and dominate us—as long as we maintain our independence and we do not fight against the Kurds of the other areas."[259]

Talabani was on his way to Tehran, and he asked Ghassemlou if he had any message he wanted to send.[260]

"If they are willing to negotiate, so are we," Ghassemlou answered.

A few days later in Tehran, Hashemi Rafsanjani asked Talabani about Ghassemlou.

"How is he? Do you see him? Is it true that he has been wounded?"

217

" کارۆل پرۆن هوبێر، نووسەرو رۆژنامە نووس لە پێوەندیی گرتنی دا بە جیهانی کوردەوە لە ۱۹۸۰، دوکتور قاسملووی ناسی و لە چیاکانی کوردستان لە لای پێشمەرگەکانی مایەوە. کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، لێکۆلینەوەیەکی دۆکۆمێنتیی هەژێنەرو هەستبزوێنی ئاخر رۆژەکانی رێبەرێکی بێ هاوتای کوردە.

ئەوەی کە لە پشتبەرگی پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدللا و بە وەرگێردراوی دەقەکوردیی‌یەکەی کاویان‌دا نووسراوە چیالە چەند دێڕ باقیەکەی پێوەندیی بە نووسراوەکەی نووسەی کتێبەکەوە نی‌یە و ساختەیە.

## گەڕانەوەیەک بۆ لاپەرەکانی ۲۱۷ پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللاو ۲۱۷ ی دەقە ئینگلیزیی‌یەکە لە ژێر بڕگەی پێنجەم زستانی ڤییەن‌دا نووسروە

سەرچاوەی زانیاریی‌یەکانی ئەو بەشە وتوێژی تاڵەبانیی لەگەل کارۆل پرۆن هوبێر، نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد بووە کە لەژێر ژمارەی ۲۵۹ لە لاپەڕەی ۳۴۱دا نووسراوە.

یەکێ لە تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا نەنووسینی سەرچاوە بۆ ئیددیعاکانێتی. ئیددیعا سیاسیی‌یەکانی ناوبراو بێبەڵگە و ساختەن. فەرقی پێناکا چ خۆی ئێدیعای کردبێ یان وتەی کەسێکی دیکەی راگواستبێ ئەو تەزویری خۆی تێدا دەکا. هەڵدەکەوێ جارێک سەرچاوەی بابەتێکی راگوێزێ. ئەگەر بۆ تەئییدی تەزویرەکەی پێی باش و گونجاو بێ لە پەڕاویزی لاپەڕەیەک دا دەینوسێ بەلام شوێنی سەرچاوەکە دەستنیشان ناکا و خۆی ژمارە یەکی ۱ یان ۲ی لە پەڕاوێزی لاپەرەکەدا بۆ دەنووسێ، بێ ئەوە شرۆڤەی باسەی نووسەر لە ئاخریکتێبەکە بۆ پەڕاوێزەی بابەتەکە راگوێزێ. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

۱۷ هێڵی لاپەرەی ۲۱۷ (بڕگەی ٥ زستانی ڤییەن ) هەمووی وتەی تالەبانیی‌یە کە نووسەری کتێبەکە سەرچاوەی ئەو بابەتەی لە ژێر ژمارەی ۲۵۹ لە ئاخری هێڵی ۱۷دا بۆنووسیوە و لە لاپەرەی ۳٤۱ دا شرۆڤەکەی نووسراوە. شرۆڤەکەش باس لەوە دەکا کە ئەو ۱۷ هێڵە وتوویژی تالەبانیلەگەل نووسەری کتێبەکە بووە کە لە ساڵی ۱۹۸۵ لە سنوری "کوردستانی ئێران و عێراق" کراوە. تالەبانیی لەو وتوێژەداکە بۆ نووسەری کتێبەکەی باس کردووە و گوتویە:



بڕگەی پێنجەم

زستانی ڤییەن

کوژرانی دوکتور قاسملوو کوتایی هاتنی راوەدوونانێکی دوورو درێژ بوو کە زۆر لەمێژ بوو بۆ کوشتنی وی وەرێ خرا بوو. پاش ئەوەی ستراتیژیی رێژیم بۆ کوشتنی لە چیاکاندا بەهیچ کوێ نەگەیشت، چەند سالێکی خایاند هەتا توانیان داوێکی دیکەی بۆ دابنێنەوە. ئەو داوەیان کە دەبوو قاسملوو لە ڤییەن‌و لە رێگەی یەکەمین بەرنامەی وتوویژەوە تێی بکەوێ، لە زستانی ۸۹ ـ ۱۹۸۸دانرابووەو لە هاوینی ۱۹۸۹دا بە کوژرانی وی کوتایی هات. لەو بەرنامە مەرگهێنەدا کە بۆ کوشتنی قاسملوو ئامادە کرابوو، فازل رەسوول تەنیا ئامرازێک بووو ئەویش دوایە وەدەر کەوت.

هاوینی سالی ۱۹۸٦، بە نزیک دەفتەری سیاسیی قاسملوو لە کوردستانی عیراقدا رابردم. مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی لەوێندەری نزیک بوو. تالەبانی هاونیشتمانێکی عیراقی بوو لەتارانەوە یارمەتییان دەدا؛ قاسملووش کە ئیرانی بوو، لەلایەن بەغداوە پشتیوانیی لێ دەکرا. ئەوە یاسایەکی دوولایەنەی دژ بە یەکن کە بۆ سالیانێکی دوورو درێژ ئیمکانی ژیانی بۆ کوردەکان پێک هێناوەو تالەبانییش بەم شێوەیەو بە کورتی لێکی دەداتەوە. «ئێمەی کورد مافی خۆمانە لە گێرەو کێشەی نێوان ئەو دەولەتانە بە قازانجی خۆمان کەلک وەربگرین کە ئێمەیان دابەش کردوەو بەسەرماندا زالن. دیارە هەتا ئەو رادەیەی سەربەخۆیی [سیاسی]ی خۆمان بپارێزین‌و لەدژی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان شەڕ نەکەین.

تالەبانی خەریک بوو دەچوو بۆ تاران‌و لە قاسملووی پرسی داخوا هیچ پەیامێکی

" کوژرانی د.قاسملوو کۆتایی‌هاتنی راوەدوونانێکی دوورو درێژ بوو کە زۆر لە مێژ بوو بۆ رێبەری کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە وەرێ خرابوو."

Abdul Rahman Ghassemlou's murder was the Culmination of a long hunt for the Kurdish Leader by the Islamic Republic.

[ حەسەن‌زادە لە دێری دووهەمی دەقە ئینگلیزیی‌یەکە:" دوو وشەی By the Islamic Republic کە بکەر واتە (فاعل) و راوچیی‌یەکە بووە لە دەقە کوردیی‌یەکەدا لەبەرچاوی خوێنەری کورد تەزویرکردووە. واتە قتلی لەمالەکەی‌خۆی‌دا شاردووەتەوە و پاکانەی بۆکردووە. مەلا عەبدوللا لە هەر جینایەتێک کە دژی حدکاو ئەندامانی کرابێ هاودەست و ئاگادار بووە. ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیی– ئاینیی‌یەی کە لە ئەندامانی حیزبی توده و چریکی فیدایی اکثریت دا پێکهات و بوون بە پاسدارو جاسوسی رژیمی خومەینیی یان ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە کادرەکانی حیزبی بەعس‌دا پێک هات و بوونە داعش و سەربڕی ئیزەدیی و پێشمەرگە یان ئەو ئاڵوگۆڕە بوون کە لە ینک دا پێک هات و لە ۱۹۸٦ لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانڍا خۆی تواندەوە و بە گوتەی سەرۆکی ئەو تەنزیمە و کەسایەتیی دووهەمی ،زەمینەی کارەساتی ئەنفالەکان، هەلەبجە، سەردەشت و وێران کردنی کوردستانیان بۆ

جینایەتکارانی رژیمی بەعس و خومەینیی خولقاند، مەلا عەبدوللاش دەبوو ببێتە هاوکاری صحرارودی و عەلی فلاحیان و زانیاریی ینک و دژی حدکاو ڕێبەرەکانی لەگەل دوژمنەکانی کورد راستەوخۆ هاوکاریی بکا. ئەوانەی کە بوونە پشتیوانی مەلا عەبدوللا بوون بە شەریکە تاوانی.

پاکانە و تەزویری مەلا عەبدوللا بۆ کۆماری ئیسلامیی لە دەقەکە کوردییەکەدا ببینە! مەلای موزەویر لەدرێژەی ئەو تەزویرەدا دەنووسێ: دوای ئەوەی ستراتێژیی رژیم بۆ کوشتنی ئەو [د.قاسملوو] سەرنەکەوت، چەندساڵ لەمەوبەربوو کە ئێرانییەکان داوێکی دیکەیان بۆ دانایەوە. مەلا عەبدوللا لێرەشدا و لە پێداچوونەوەکەی دا وشەی ئێرانییەکانی لە دەقە وەرگێردراوەکەدا قرتاندووە. ئەو جەعل و ساختەچێتییەی لەو دوو دەقەی سەرەوەدا ببینە!

After the strategy failed to kill him in the mountain’s, it was several years before the Iranian prepared another trap.

**درێژەی بابەتەکەی لاپەرەی ٢٢٢ ی تاڵەبانیی**

ینک و پێشمەرگەکانی بە پێی ڕێکەوتنی نە قانوونیی، خێڵەکیی مابگی دەی ساڵی ١٩٨٦ بوونە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران. بروانە خولانەوە لە ناو بازنە لە لاپەرەکانی ١٠١ تا ١١٤ ئێرە کرتە بکە و Ctrlداگرە !

ئەوەی لە دەقە کوردییەکەدا خراوەتە بەرچاو و دەیخوێننەوە وتەکانی تالەبانییە کە لەدوو لاوە سەرنجراکێشە:

١- لەمەر ئەو وتانە کە تالەبانیی لە دوای تێرۆری د.قاسملوو باسی کردوون ئەو دوو پرسیارە لە تالەبانیی نەکراوە: تالەبانیی چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە لەو داو وپلانەی کە بۆ د.قاسملوو چێ کرابوو ئاگادار ببوو؟

٢- هۆی چی بووە کە تالەبانیی د.قاسملووی لە داوو پلانی کوشتنەکەی ئاگادار نەکردبوو؟

سەرەرای ئەوانە چۆن بووە کە تالەبانیی بە وەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییەی کە لە چنین و دانانەوەی داوەکەی هەبووە بۆچی بە هاوکاریی نەوشیروان مصطفی، ئەحمەد بنبێلا، فازل رەسوڵ، کەمال فوئادو فواد معصوم( سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق) پێکهێنانی ئەو بە ناو "وتووێژە"ی وەئەستۆ گرتبوو؟

دەوری چەندلایەنەی مەلا عەبدوللا لەوجینایەتانەدا کە دژ بە د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و سەدان تێرۆرکراوی حدکا لە باشوری کوردستان بە مەبەستی توناکردنی حدکا گێراویە دواتر و بە پێی بەڵگەنامەکانی رۆژنامەی کوردستان کە مەلا عەبدوللا بەرپرسی بووە دەخەینە بەرچاو. مەلا عەبدوللا لەو نومایشە خۆفناکەدا سێ دەوری گێراوە. یەکەم بە فیکەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، ئەوەی لێیان ویستووە کردوویە(دانی زانیاریی و هاوکاریی بۆ تێرۆری ئەندامانی حدکا و پاکانەکردن بۆ ئەو تاوانانەی کە کردوویانە). دووهەم کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەی حدکاو فرۆشتنی بە تالەبانیی و هاوکارەکانی ٣- کوشتنی روحی غیرەت وپیاوەتیی و هەستی ئازادییخوازیی لە ناو ئەندامانی حدکا لەو قۆلە ناوزراوەدا.

تالەبانیی لە درێژەی ئەو باسەیدا فازل رەسوڵی لە تێرۆری د.قاسملوودا بە ئامرازو کەرەسەیەک پێناسەکردووە. بەڵام نەیگوتووە کە ناوبراو کەرەسەی کێ بووە و کێ هێنابوویە ناو ئەو داوە وناو کۆبوونەوەکانی دەوری یەکەم کە لە ٢٨دێسامبر و ٣٠ دێسامبر ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویە ی ١٩٨٩ وەرێخرا. تالەبانیی ناڵێ لە ماڵی کێ ئەو کۆبوونەوانە بەرێوەچوون و لەو وتووێژانەدا چەند کەس بەشدار بوون و چەکدارەکان چەند کەس بوون و چەند چەکیان پێ بوو و دەوری مەلا عەبدوللا و دژبەرانی د.قاسملوو لە رادانی حدکاو هاوکارییکردنەکانیان لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران چی بووە و بۆچی ئەو رادانەی حدکا دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی بە دزی ئەندامانی بەرێوەبەریی حدکا کرا؟


عەبدوللا حەسەنزادە زانیبووی کە تالەبانیی بیری لەو وتانەی خۆی نەکردبوونەوە کە ئەو پرسیارە بێ وڵامانەیان خولقاندووە. لەبەرئەوە دەقەکوردییەکەی بە شێوەیەک گۆڕیوە و تەزویرێکی وەهای کردووە کە مرۆڤی ئاسایی نازانێ ئەو وتانە هی کێن؟ بروانە ئەو دێرەکە حەسەنزادە نووسیویە: "هاوینی ١٩٨٦ بەنزیک دەفتەری سیاسیی قاسملوو لە کوردستانی عێراق رابردم. پاراگرافی ٢ دەقەکوردییەکە. کێبەو شوێنەدا رابردووە؟ نازانرێ. کارۆل بووە یان مەلا عەبدوللا یان تالەبانیی؟ بەشەکەی دواتریش بخوێنەوە! ئەمانە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ئاشکران. ئەوانە کە نووسراون وتەی تالەبانیین کە لە سیاسەتەکانی خۆی دەدوێ. ئەو پێوەندییەی تالەبانیی لەگەل باقری ذوالقدر بووە. ئەوکابرایە کێ بووە بەنیسەدر سەرۆک کۆماری پێشتری ئێران لە دادگەیەکی ئەمریکاییەکاندا ناساندوویە. بروانە ئەو لینکە[2] ! دوالقدر تێرۆریستێکی ناوزراوی سەر بە مافیوزە شیرازییەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. لاپەرەی ١٤تا٢٠.ئەو زانیارییەی بەنیسەدر بە زمانی ئینگلیزیی بخوێنەوە!

---

2 http://ebooks6.com/Bani-Sadr-deposition-UNITED-STATES-DISTRICT-COURT-FOR-THE-SOUTHERN-download-w49457.html

بـه وتـەی نەوشـیروان مصـطفی، رێكـەوتنی تالـەبانیی لەگـەل ئیتتیلاعـاتی سـپا زەمینـەی كارەسـاتی ئەنفالـەكان و كارەسـاتی هەڵەبجـە، سەردەشـت و تونـاكردنی بزووتنـەوەكانی كوردسـتانی بـۆ جینایـەتكارانی رژیمـی بـە عـس خولقانـد. بروانـە راپـۆرتی تالـەبانیی بـۆ پلێنـۆمی چـواری ینـك ٢٩–٣١ مـانگی دەی ٢٠٠٩ و دیفاعنامـەی نەوشـیروان مصـطفی بـە نـاوی لـە هاوخەباتیـەوە بـۆ تـەخوین! هـەروەها وتـەكانی تالـەبانیی بـۆ كردنـی تەنزیمەكـەی بـە سـتونی پێنجـی ئێـران كـە خـۆی لـەو لاپەرەیـەدا باسـی كـردووە و ئەنفالـەكانی لێكەوتووەتـەوە، ئـەوەی بـە مـافی خـۆی زانیـوە. سـەیر ئەوەیـە كـە تالـەبانیی بـاس لـە"سـەربەخۆیی خۆمـان بپـارێزین." دەكـا. مـەلا عەبـدوللا دوای وشـەی سـەربەخۆیی وشـەی [سیاسـیی] لـە نێـوان دوو قولابـدا لـێ زیـاد كـردووە. بروانـە دەقەكەی سەرەوە !

**لاپەڕەی ٢٢٢ دەقی ئینگلیزیی كتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی كورد**


222 The Passion and Death of Rahman the Kurd

Vienna without informing anyone. He told only his ex-wife, some French friends, Rasul, Abdullah—and, by chance, Ben Bella also knew the secret.

Two years later, in a Paris hotel room, Talabani recalled these circumstances surrounding the murder of his friend. "Ghassemlou should have realized why the Iranians cut us [the PUK] out of the negotiations: it was because they had prepared everything, and with us involved, they could not do it. They could not kill two Kurdish leaders at one time.

"I don't understand how Ghassemlou was fooled by Rasul, because I never saw him [Ghassemlou] again. He wrote me some letters where he complained that some of my people had talked, and I accepted that he was right. He was upset. 'You know very well that the Kurds cannot keep a secret,' I told him.

"I'm surprised that he was deceived so easily," Talabani admitted, "[and agreed to the meeting] with no bodyguards. As a consequence, Dr. Ghassemlou was left with the responsibility of taking care of himself. He also made technical errors. Why did he meet in the same place twice? How was it that he agreed to go to that place without bodyguards? No one can understand this."

Nonetheless, Ghassemlou was convinced that the Kurds had made a small step forward in the December and January negotiations: there was an agreement of principle to review autonomy status for Kurdistan.[265]

In those first meetings, the Kurds expressed their hopes while still abiding by the slogan that the party had adopted earlier: "Democracy for Iran! Autonomy for Kurdistan!" Such a slogan was not common in the Third World, but it was not strange at all to those who knew the party. The KDPI was an unusual organization with its push for democracy instead of a communist-style government so popular among revolutionary movements at that time.

As with many minorities around the world, the Iranian Kurds demanded recognition of their identity, respect for their language, and the right to teach Kurdish along with Persian in their schools. As well, they wanted to place regional law enforcement in the hands of the peshmergas, their own police force.

The KDPI represents the majority of the Iranian Kurdish population. It is a party of materially impoverished people who live in a universe of


لـە لاپـەرەی ٢٢١ و ٢٢٢ تالـەبانی لـە پـاریس لەگـەل كـارۆل پـرۆن هـوبێر سـەبارەت بـە تێـرۆری د.قاسـملوو و دەوری فـازل رەسـوڵ وتـوێژی كردبـوو و وای نیشـان داوە كـە د.قاسملوو فریـوی فـازلی خـواردووە و گوایـە ئـەو ئاگـاداری ئـەو وتـوێژەی رۆژەكـانی ١٢ و ١٣ مانگی ٧ ی سالی ١٩٨٩ نەبووە.

نـاوەرۆكی لێكۆڵینـەوەی دادوەرانـی لێكۆڵینـەوەی ئـوتریش و وتـەكانی ژنەكـەی فـازل رەسـوڵ لـە لای پۆلیسـێ ئـوتریش و وتـەی یـەكی لـە براكـانی فـازل رەسـوڵ لـە لای پۆلیسـی دادوەریـی وتـەكانی تالـەبانیی رەت دەكەنـەوە. بـە وتـەی ژنەكـەی فـازل رەسـوڵ، تەنانـەت فوئـاد معصـوم و كـەمال فوئـاد و شەخسـی تالـەبانیی لـە دەوری دووهـەم ئاگـادار بـوون. شـەوی دوای تێـرۆری د.قاسـملوو، تالـەبانیی لـە تارانـەوە تەلـەفونی بـۆ ژنەكـەی فـازل رەسـول كردبـوو و لـە قـەولی رفسـنجانییەوە ناراسـتەو خـۆ ئامۆژگـاریی كردبـوو كـە لـە لێكۆڵینەوەكـەی پـۆلیس دا ئـەو تێرۆرانـە بـە كـاری رژیمـی عیـراق، مجاهـدین خلـق و نـاكۆكیی ناوخۆیی رابگەیەنێ.

مەسـەلـەی وتـوێژ، گەلالـە كـردن و پێكهێنانەكـەی كـاری تالـەبانیی بـووە. مـەلا عەبـدوللا حەسـەنزادە لـە سـەرەتا و پێشـنیار و داوای تالـەبانی بـۆ ئـەو وتـوێژە ئاگـادارە و بـە وردیـی بابەتێكیشـی لەسـەر نووسـیوە كـە ئـەوە گرنگتـرین بەشـی لێكۆڵینەوەكـە پێـك دێنـێ و دواتـر باسی دەكرێ.

**فریوخواردنی قوربانیی یان متمانەیەكی خەوشدار**

<u>**لاپەرەی ٢٢٢ی دەقەئیگلیزیی‌یەكە و ٢٤٥ پێداچوونەوە تەزویریی‌یەكەی مەلا عبدوللا حەسەنزادە**</u>


«ئەمـن نازانم قاسـملوو بۆچی فریوی رەسـووڵی خوارد، چونكە ئیدی قاسـملووم نەدیتەوە. چەند نامەیەكی بۆ ناردم، لە نامەكاندا گلەیی كردبوو بۆچی كەسـانی سـەر بە یەكیەتی هێندێك شـتیان دركاندوە. ئەمنیش چونكە راسـتی دەكرد، لێم قبوول كرد. زۆر تووڕە بوو. ئەمنیش پێم گوت ئەتوش باش دەزانی كوردان نهێنی پارێز نین».

تالەبانی دەیگوت: «زۆرم پێ سەیرە وازوو بریاری داو قبوولی كرد بێ‌هیچ نیگابانێك بچێتە كۆبوونەوەكە. بەڵام، ئەركی قاسملوو، پێش هەموو شتێك پارێزگاری لەخۆی بوو. هەڵەی فەننیشی كرد. بۆچی دووجاران لەیەك شوێن وتوویژی كرد؟ چۆن قبوولی كرد بێ نیگابانەكانی بچێتە ئەو شوێنە؟ هیچ كەس تێی ناگا بۆ».

بەڵام، قاسـملوو لەسـەر ئەو بڕوایە بوو كە كوردەكان لە وتوویژەكانی دێسـامبرو ژانویەدا هەنگاوێكی چكۆلە چوونەتە پێش: «لە بابەتە بناخەییەكان لەبارەی پێداچوونەوە بە چلۆنایەتیی خودموختاری بۆ كوردستاندا رێككەوتنێك پێك هاتبوو»[1].

لـە كۆبوونەوەكانی سـەرەتاییدا لە حاڵێكدا كوردەكان هێشـتا پابەندی ئەو دروشـمە بوون كـە حیزبەكەیان پێشـتر پەسـنی كردبوو: «دێموكراسـی بۆ ئێـران، خودموختاری بۆ كوردسـتان»، هیوادار بـوون وتوویژەكە بەئاكامێك بگا. دروشـمێكی ئەوتۆ لە جیهانی سێهەمدا باو نەبوو، بەڵام، بۆ ئەو كەسانەی حیزبەكەیان باش دەناسـی شتێكی نائاشنا نەبوو. لەو سەردەمەدا كە دەوڵەتی

١ - بۆیەكەم جار لەمێژووی وتوویژەكانی حدكا دەگەڵ تاراندا، نوێنەرەكانی ئێران لە باری ئوسوولییەوە، داواكاری بۆ خودموختاریی كوردستانی ئێرانیان رەد نەكردبۆوەو زمانی كوردییشیان هاوشان دەگەڵ زمانی فارسی لەكوردستان بە رەسمی ناسیبوو. مافی خوێندن بە زمانی كوردی لەخوێندنگەكانیان بەرەسمی ناسینی حدكاو مافی چاپ‌و بڵاوكردنەوە رۆژنامەو گۆڤارەكان بە زمانی كوردی لەلایەن نوێنەرەكانی ئێرانەوە قبووڵ كرابوون. مارك كراوێتز، لە رۆژنامەی لیبراسیۆندا (حەوتی ئاگوستی ١٩٨٩) بەپێی رۆژنامەی ئینديپێندنت . ی لەندەن (٢٥ی ژوئیەی ١٩٨٩)، وتوویژەكانی پێشتر تەوافوقیان لەسەر كرابوو: حدكا بە رەسمی بناسرێ‌و بەرنامەی ئاوەدان كردنەوە لە كوردستان دەست پێ بكا.


<u>ئەوەی لە روبەرووودا نووسراوە درێژەی ئەو باسەی تالەبانیی‌یە لەسەر چۆنێتیی بردنی</u>

<u>د.قاسملوو بۆ وتوویژ لەگەل دوو تێرۆریستی ئەندامی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران</u>

<u>تالـەبانیی لەیەكـەم وتـوێژدا ئـەو دوو تێرۆریسـتەی ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران :١– محمـد جعفـری صـحرارودی سـەرۆكی دەفتـەری سـەرەكیی ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران لـە یاخسـەمەر (ناوەنـدی ینـك و شـوێنی ژیـانی تالـەبانیی لـە چەنـد كیلیمیتریـی دەفتـەری سیاسیی عـدكا لـە گـەورەدێ) بـە نـاوی نوێنـەری نیـزام، نـاردراوی سـەرۆكی پارلمـان ( علـی اكبـر هاشـمی رفسـنجانی) و دواتـر سـەرۆك كۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـە د.قاسـملوو ناسـاندبوو. تالـەبانیی باسـی وتـوێژی رۆژەكـانی ٢٨ و ٣٠ دێسـامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویـەی ١٩٨٩ ی نـەكردووە. نـەیگوتووە لـەو وتـووێژەدا جیـا لـە خـۆی چ كەسـانێكی دیكـەی تێـدابووە؟ باسـی ئـەوەی نـەكردبوو كـە فـازل رەسـول و براكـانی چ دەورێكیـان لـەو وتـوێژەدا گێرابـوو؟ تالـەبانیی نـەیگوتبوو كـە كۆبوونـەوەكان لـە مـالی فـازل و براكـانی بـەرێوە چـوو بـوون و نـابراو لـە مالەكـەی خۆیـدا ئۆدەیـەكی بـۆ تێرۆریسـتەكان تـەرخان كردبـوو. باسـی ئەوەشـی نـەكردبوو كـە فـازل رەسـول و بنبـێلا لـە لایـەن تالەبانیی‌یـەوە بـە د.قاسـملوو نـەناسـێندرا بـوون. تالـەبانیی هـیچ زانیاریی‌یـەكی لەسـەرفازل رەسـوڵ جیـا لـە هێنـدێك رەخنـە لـە نـاو بـراو بـاس نـەكردووە؟ باسـی ئـەوە نـەكراوە كـە فـازل چەنـد سـاڵ لەگـەل تالـەبانیی لـە سوریە و لوبنـان بـووە. رەسـوڵ لـە لوبنـان و لـەلای</u>

چ ڕێکخراوەیەک کاری کردبوو؟ چۆن ناردرا بۆ ئێران و چۆن لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و بەنیسەدرو صحرارودی و اجوادی و بنبێلا تێکەل بوو؟ لە کوێ ببوو بە شیعەیەکی دەمارگرژ و لە تاران و ئوتریش نوێنەری کێ و لە لای بەنیسەدرچ کاریکی پێ ئەسپێردرابوو و لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن چ کارێکی دەکرد؟ ئایا تالەبانیی لە کرینی ئاپارتمانێک بۆ بنبێلا لە دەوری یەکەمی وتوێژەکەدا واتە لە مانگی دێسامبری ١٩٨٨ بۆ متمانەدان بە دقاسملوو کە مەسەلەی وتوێژەکە جیددییە ئاگاداربوو؟ ئەمانە بە وەبەرچاوگرتنی ئەوتەزویرانە کە مەلا عەبدوللا بۆ شاردنەوەی واقعییەت و پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکان بڵاوی کردوونەوە توێژینەوەیان لەسەر کراوە و بەڵگەی هەموو ئەو بابەتانە لەلای مەلا عەبدوللاو هاودەستەکانی بووە ولە خەلکی کوردیان شاردوونەوە

تالەبانیی خۆی پرسیاریک لە خۆیدەکاو دەلێ من نازانم قاسملوو بۆچی فریوی ڕەسوڵی خوارد؟ ناوبراو خۆی وەلامی ئەوپرسیارەی خۆی لە لاپەڕەی ٢١٧دا لە دێری ٧ و ٨داداوەتەوە کە به کارۆل پرۆن هۆبێر ی گوتووە: .Fadil Rasul was merely an instrument واتە فازل ڕەسول تەنیا ئامراز یان کەرەسەیەک بوو. ئامراز یان کەرەسە خاوەنی ئیرادە نییە. بە پێیئەو وتەیەی تالەبانیی فازل ڕەسول گوللەی دەمانچەی باراتە و لاما بووە. کەسێکی خاوەن ئیرادە کەڵکی لێوەرگرتووە و تەقاندوویە. بنبێلاش کەرەسە بووە ئەویش بە قیمەتی ئاپارتمانێک لە شاری ڤییەن خۆی بە تێرۆریستەکان فرۆشتبوو. بەڵام ئەویش وەکو مەلا عەبدوللا بە ئەزموون بوو. کەڵکی لە ئەزموونەکانی وەرگرت."لەسەت ئاوی دابوو قوڵاپەی تەر نەببوو" ١٦ وەزارەتخانە لە مانگی دەی ١٩٨٦ ەوە و هاتنی صحرارودی بۆ یاخسەر لە چەند کیلۆمیتریی گەورەدێ، ناوەندی دەفتەری سیاسیی حدکا و بە دانی وردترین زانیاریی لە ژیانی سیاسیی و شەخسیی د.قاسملوو لەلایەن یارانی دقاسملوو و نەیارانییەوە بە بە "برادر، سردار صحرارودی ناسراو بە رحیمی، رفیق و ئەمیر"[ ئەمانە هەموو ناوی صعرارودی بوون] و ئەویش بۆ فلاحیان و ئۆدەی پیلان و پلانی ناردبوو. لە ئاکامدا ،ئەو جینایەتە خولقێندرا و سەدان جینایەتی دیکە ناو قشلەکەی بەدواداهات. ئەمانە واقعییەتن. سەرۆکی تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی نەوشیروان مصطفی کە لە دەوری یەکەمی وتوێژەکاندا بەشدار بوون وتالەبانیی و فواد معصوم و کەمال فواد لە دەوری دووهەمی وتوێژەکە لە ١٢ و ١٣ ی مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٩ لە ڕەوتی وتووێژەکە بە وردیی ئاگادار بوون، با زانیاریی واقیعیی خۆیان لەسەر چۆنێتیی ئەورووداوە سامناکە و سەدان تێرۆکراوی دیکەی حدکا لە باشوری کوردستان بە وەبەرچاوگرتنی بەڵگەنامەکانیان ئاشکرا بکەن. مەلا عەبدوللاش بە پێی هەزارانی تەزویر کە بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان کردوونی نیشانی داوە لە هاوکارانی شاراوەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. ئەویش بە ڕادانی حدکا لە قەندیلەوە بۆ ئۆردوگای ناوزڕاوی هەرمۆتە و فرۆشتنی حدکا بە تالەبانیی و صحرارودی بەرپرس و زەمینە خولقێنی سەرەکیی کوشتاری سەدان تێرۆکراوی حدکا لە باشوری کوردستان و توناکردنی حدکا بووە.


Two years later, in a Paris hotel room, Talabani recalled these circumstances surrounding the murder of his friend. "Ghassemlou should have realized why the Iranians cut us [the PUK] out of the negotiations: it was because they had prepared everything, and with us involved, they could not do it. They could not kill two Kurdish leaders at one time.

"I don't understand how Ghassemlou was fooled by Rasul, because I never saw him [Ghassemlou] again. He wrote me some letters where he complained that some of my people had talked, and I accepted that he was right. He was upset. 'You know very well that the Kurds cannot keep a secret,' I told him.

"I'm surprised that he was deceived so easily," Talabani admitted, "[and agreed to the meeting] with no bodyguards. As a consequence, Dr. Ghassemlou was left with the responsibility of taking care of himself. He also made technical errors. Why did he meet in the same place twice? How was it that he agreed to go to that place without bodyguards? No one can understand this."

Nonetheless, Ghassemlou was convinced that the Kurds had made a small step forward in the December and January negotiations: there was an agreement of principle to review autonomy status for Kurdistan.265

In those first meetings, the Kurds expressed their hopes while still

ئەو هەزران تەزویرەی مەلا عەبدوللا کە لە کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کوردەدا کردوونی تازە نین. بە تێرادیوییەووە دەکرێ بگوترێ هیچ نووسراوەیەکی مەلا عەبدوللا به بێ تەزویر بڵاو نەکراوەتەوە.

بۆ خوێندنەوەی تەزویرێکی دیکەی مەلا عەبدوللا و بوختان کردنەکەی بە د.قاسملوو و فریودانی چوار مامۆستای زانکۆی کۆیە "لێکۆلینەوەیەکی دیکەی خاوەنی ئەم قەلەمە لە ژێرسەردێری " تێرۆری گیان و ئەندیشە" لە پێنج بەشدا بخوێنەوە! . کرتە بۆ ئێرەبکە و Ctrlدابگرە. ئەو لێکۆلینەوە یە تەزوێری ریسالەی خوێندکارێکە کە بە هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، لە ژێر چاوە دێریی چوارمامۆستای زانکۆی کۆیە بەوناوانە١– دوکتور کەماڵ عەلی ٢–دلێر ئەحمەد ٣– مامۆستا یاسین سەردەشتیی بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆری یاریدەدەر عەبدوللا عەلی عەلیاوەیی کراوە. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە! هەروەها بروانە ئەو لینکە![3] تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا لەو بابەتەشدا هاوچەشنی ئەو هەزاران تەزویرەیە کە لە کتێبەکەی کارۆلدا کردوونی.

وێنەی ئەو نووسراوەیەی کە لەبەرچاوە بەشێکە لەو وتانەی تالەبانیی کە لە ١٩٩١ لە پاریس بۆ کارۆل پرۆن هۆبێری باس کردوون. زانیارییەکانی تالەبانیی لەگەل ناوەرۆکی لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی دۆسیەکەی تێرۆری د.قاسملوو جیاوازن.

٨ نوامبر ٢٠١٥

درێژەی دەبێ!

3 http://www.rojikurd.info/wordpress/?page_id=16